چیرۆک



بەکر دەروێش

# بەیانییەکی خورماتوو

هێشتا مەلا سمایل بانگی بەیانی نەداوە، خاڵە حەمە، حەمۆمینی سۆفی مینە، بە کۆکەکۆک و تەقوهوڕ عارەبانە دەستییەکەی بەرەو کوچک بازاڕ پاڵ ئەدات، سەری پیرە عەرەوانە پڕ لە سەوزەی هەمەجۆر، کە پرشەی ئاوی دێت، شلیفێک زلق، دووان ترپ، نزیکی سەت باقەیەک کەرەویزو هەرەتورە و تەڕەپیاز و کەوەر و تۆڵە، هێشتا خاڵەحەمە لە ڕێگەیە، مامە عەزەش بە پڕتاو لە ژێر بەتانییە نەرمیینە ئێرانییە گوڵ چین چینەکە دێتەدەر، بە پەلە لە ئاوی شیرتێنی تانکی حومامەکە، کە میمکە سەلمەی خێزانی بە چولەیەکی نەوت گەرمی دەکات، دەستنوێژ دەگرێ و بەرەو مزگەوتەکەی مەلا عوزێر، کە دوو کۆڵان لەولای ماڵیانەوەیە تێی دەتەقێنێ، تا ئەو دەگاتە بەردەم مزگەوت مەلا سمایلیش دوای ئەوەی بە ئحمێ دووان قوڕگی خۆی پاک دەکاتەوە ناوی خوای لێ ئەهێنێ «الله اکبر، الله اکبر، حي علی الصلاة،.... کە دەگاتە نێو حەوشەی مزگەوت ئەوەی دەڵێت... الصلاة خیر من النوم....» مامە عەزە بە ژووری حەرەم دەکەوێ، دەبینێ جگە لە خۆی و مەلا سمایل و رەحیمە کۆر و مام وەلی و حاجی رەجەب و یەکێ لە کوڕەکانی دەروێش رەحیم کەسی تری لێ نییە، پێش لەوەی قامەتی نوێژی جەماعەتی بەیانی دابەستن، ئەو دوو رکات نوێژی سونەت دەکا، مامە عەزە هەر لە مناڵییەوە وا فێر بووە هەرکە بچێتە نێو حەرەمی هەر مزگەوتێکەوە دوو رکات نوێژی سونەت دەکات، هیچ رۆژێکیش بیری لەوە نە نەکردووتەوە

فەرق چییە لە نێوان سونەت و فەرزا، ئەو چۆن کاتی خۆی لە ئاوایی فێربووە ئاوای دەکات، هەمیشە لەبەرخۆیەوە دەڵێت : کورە تۆ کە خوای خۆتت بە راستی گرت ئیتر ئەم هەموو بگرەو بەردەیەی بۆ چییە، ئەمە سوونەتە و ئەوە فەرزە. کاتێکیش قامەتی نوێژی جەماعەت دادەبەستن لە دڵی خۆیدا ختورە دەکات و دەڵێت: ئەگەر ئێستا نوێژی جومعە بووایە جێگە بەر نەدەکەوت، هەموویان بۆ سەفی پێشەوە رایان دەکرد، بزانە تەنانەت مەلا عوزێر خۆیشی بۆ نوێژی بەیانیان نایەت، کەچی دایمە باسی خێر و بەرەکەتی نوێژی بەیانیان دەکات، لەپڕ ئەم مەسەلەیەی لە بیر دەچێتەوە و ئێژێ: بەخوا ئیسە برۆ حەمە سوێسکە سەوزەکەی خۆی فرۆشتووە، سەوزە بەیانیان زوو نەبەیتە بازاڕ حەساوت فتە، هەر ئەوەنە خۆر هەڵات تورکمانەکانی ئنگلیجە بازاڕ پڕ دەکەن لە سەوزەی گەنیاوی بە سیانە ئاودراو، سەوزەی خۆم نەبێت بە ئاوی ئاوەسپی ئاو دراوە پاک و جوان، سەرکی ترپم ئێژی کەلەی شەکرە، هەر قەسیا ئەکەی وەنانی گەرمەوە بیخۆی، تا مامە عەزە لەم بگرەو بەردەی نێو دەروونی خۆی دەبێتەوە مەلا سمایل سەلامی نوێژەکە دەداتەوە و مامە عەزەش بە دوای ئەودا سەلام دەداتەوە، بەلام لەجیاتی ئەوەی بڵێ «السلام علیکم ورحمة الله وبرکاته» دەڵێت «السلام و ئیسە برۆ حەمە رێوی سەوزەی خۆی فرۆشتووە و وبرکاته» کاتێک گوێی لە دەنگی خۆی دەبێت چی دەڵێت تۆزێک تەریق دەبێتەوە و سەیرێکی ئەملا و ئەولای خۆی دەکات و نعلەتێ دووانیش لە شەیتان دەکات، کە هەمیشە لە کاتی نوێژکردندا دەچێتە نێو خوو و خەیاڵییەوە و نوێژەکەی لێ تێک دەدات و بە سەهویدا دەبات، مامە عەزە بە چەند هەنگاوێکی گورجوگۆڵ مزگەوت بە جێدەهێڵێ بەرەو ماڵ دەگەڕێتەوە، تا ئەو دەگاتەوە ماڵەوە باجی سەلمەی پشوویناڵاری ژنی، دایکی عەباس و قادر و خاوەر و رعنە، قاوەڵتی بەیانی ئامادە کردووە و لە تەنیشت زۆپە عەلادینەکە کە چاوێکی سوتاوە و لایلۆنی تێ گرتووە چاوەڕوانە، مامە عەزە بە پەلە خۆی دەکا بە متبەقەکەدا و هەر بە چنچگەوە و بە قەوچک چەند تیکەیەک نان و ماست دەخوا و، چای نێو پیاڵە ناوقەد خەت خەت زەردەکەی خۆی دەکاتە نێو ژێر پیاڵە گوڵ گوڵییەکە و هەڵی دەقورێنێ، میم سەلمە پێی ئێژی : دەدانیشە بە ئیسراحەت قاوەڵتییەکەت بکە عەجەلەی چیتە، هێشتا خۆر نەکەوتووە؟ مامە عەزە، کە بە عەزەی نەهێش بانگیان دەکرد، بە تووڕەییەکەوە وەلامی دەداتەوە: ئاخ بە خوا ئێوەی ژنان بشمرن زمانتان لە کار ناکەوێ! چی دانیشم؟ تۆ چ دەربەسی، ئیسە برۆ حەمۆمینی سۆفی مینە، سەوزەی خۆی فرۆشتووە و بۆ کاروانی دووەم دەگەڕێتەوە، میمکە سەلمە وەلامی دایەوە و گوتی: عەزیز رزق لای خوایە، کەس رزقی کەس ناخواتن. بەلام ئەو

بێ ئەوەی گـوێی بداتێ بەدەم رێوە دوا پاروو قووت دەدا و، بە جـامـانییـە گولّەنگدارەکەی دەموپلی خۆی هەڵدەپێکێ و وەک "با " عەرەبانە بۆر بەرەو چوار کۆلانەکەی لای نیازی مەلا جەودەت تاو دەدات، وا خێرا دەڕوات لە رێگە چوار پێنج دەسک کەوەر و زلقی لێ دەکەوێ، فاتەی رەحیم باوە کە هەموو بەیانییەک زوو ماستی مـانگا بازووە فرێزییەکەیان، ئەوەی لە بەردەم مـاڵەکەی خۆیان، لە کۆلانی چەورییەکان لەلای مـاڵ خلە سێ پەل، خـانوویەکیـان بۆ کردووە، بۆ فرۆشتن دەبات بۆ لای مام مەجید، مەجیدە لاتەی ماستفرۆش، لە رێگە دەسکە کەورەکان دەدۆزێتەوە و هەڵیان دەگرێ، نیوەڕۆ خۆیان دوو دەسکی دەخۆن و باقییەکەشی دەدەن بە مـانگا بازوو، پورە فـاتێ زۆر جـار ئاوی تێکەڵی شـیـرەکە دەکرد، مـەجـە رەقەش بەمـەی دەزانی، بەلام لەبەر ئـەوەی مـاسـتـەکـەی بە هـەرزان لێ دەکـڕی دەنگی نەدەکـرد، لە کوچک بازاڕ، لەو دەمەی مامە عەزە بەرەوە بازاڕ دەهات ، خاڵە حەمە لە چاوەڕوانی دایی مێـتـیدا سێودووی دڵـی خۆی دەکرد، قالە پەموو کە بە قالە کۆمـەنیزم نـاسراو بوو، بۆ مـەیدانی کـرێکارەکان دەچوو ، مـامـە حـەمـەی بینی و پێی گـوت: مـامـە حـەمـە ئێـسـتـا برۆ عـەزەی نەهێ سـەوزەی خـۆی فـرۆشـتـووە و خـەریکە دووەم کـاروان ئـامـادە دەکـات، بە حـەسـوودی نەبێت ئـەو منالّەکـانی هەراشن و یارمـەتی ئەدەن، خـۆ وەک هینەکـانی تۆ نین، هەر خـەریکی خـواردن و خـەفـتن. کاتێکیش لەو سـەری بازاڕەکـەوە سـەرو گـوێلاکی دای مێتی دیاری دا خاڵە حەمۆمین گوتی: ئەوە بە ملی شکاوی هات، سپەی سپە باوک، نیوەڕۆ خـەمم بۆ دەکات، ئیسە برۆ قاوەڵتی بۆ خـانم ئامادە کردووە بۆیە ئێستا دێت، سەت سـاڵە گا دەیکا و کەر دەیخوات، ئێمە هیلاک دەبین و ئەمان دەیخۆن، دایی مێتی کە گەیشتە لای سـلاوی لێکردو و گـوتی: کـاک مـحـەمـەد ئـیـشـتـە خـۆ تاخیـر نەبووم؟ لەو دەمـەدا چەند کرێکارێک بۆ مـەیدانی کرێکارەکان دەچوون، هێشـتا دووکان تاکوتەرا کرابووەوە، خـاڵە حەمە بە تورکمانییەکی شەقوشڕ، کە لەم سالانەی دواییدا فێربووبوو گوتی: نە وەلا تاخیر ئۆڵمیب؟ ئیندو گوینرتایدو، بگوین عەینەن دونەن حەساب ئێدی ، دایی مێتی گوتی: نەوەلا دوێنەنی چی بەبەم، بگوین دۆلار ئەنرو هەرزانتـر حیسـاب دەکەین، مـامە حـەمـە کە دایی مـێتی باش دەنـاسی، لە دڵی خـۆیا گوتی: دەک خـوا خـەجـالاتتکات، خۆی هەمـووی چوار دەسک سـەوزەیە عـەلاقـەی چییـە بە دۆلارەوە، دۆلار دابەزیوە !؟ بە خـوا بە حـەوت ئاو بتانشۆرەوە دڵەتان هەرگیز بەرامبەر بە ئێمە پاک نابێتەوە! بە خوا ئەبێ پێتی نەفرۆشم، سپەی سپە باوک ، چەند دایی مێتی هاوار و رجای کرد سوودی نەبوو لێیدا و رۆشت، چەند دووکـانێک ئـەولاتر دوای برێک ئالّوویر لەگـەڵ دووکانداڕێکی عـەرەبدا رێک کـەوتن ،

خاڵە حەمە بە منداڵی چەند ساڵێک لە باقوبە لە ماڵ خزمێکیان ژیابوو لەبەر ئەمە عەرەبی چاک دەزانی، بەڵام هەرگیز حەزی نەدەکرد بە عەرەبی قسە بکات، ئەگەر قسەشی بکردایە ئەوە بە قەستی بە عەرەبییەکی شەقوشڕ قسەی دەکرد، کاتێکیش لێیان دەپرسی خاڵە خۆ تۆ عەرەبییەکی چاک دەزانی بۆ بەم عەرەبییە سەقەتە قسە دەکەی؟ لە وەڵامدا دەیگوت: نا وا نییە زمانەکەیان خۆی شەقوشڕە، ئەمە ئەو زمانەیە کە دایمە فەخری پێوە دەکەن، بزانە بە کەڵکی هیچ نایەت، بۆیە ئەو رۆژە ئاوا قسەی لەگەڵ کابرای عەرەبدا کرد: عەمی ئەبو عەگاڵ باقە زڵق و ترپ بە خمس میت  دینار، بەس باقی سەوزە و خەزرەواتەکان کل ئتنێن دەسک بە میە و خەمسین زێن؟ مامە عەزە وەک خاڵە حەمە نەبوو، منەی مەعمیل و شتی وای نەدەکرد، هەر کڕیارێکی گیرهاتبا بارەکەی پێ دەفرۆشت و دەگەڕایەوە بۆ کاروانی دووەم، رۆژانە بەلای کەمەوە دوو عەرەبانە سەوزەی دەفرۆشت. هەر لەم دەمانەدا بوو کە تووشی کابرایەکی کەرکووکی هات سەوزە و شتی وای دەکڕی، سەوزەکانی خۆی پێ فرۆشت و بە پڕتاو گەڕایەوە. لە گەڕەکی تانکی حەلاو پۆلیسی سەیتەرەکەی ناو شار رێیان بە خاڵە حەمە گرت و کەوتنە سوعبەتکردن لەگەڵیدا، ئەوان هەموویان خاڵە حەمەیان باش دەناسی، چونکە سەوزەفرۆشی برادەری خۆی بوون، بەڵام لە دوای هاتنی ئەمریکێکان و رووخانی دەوڵەتی بەعسییەکانەوە، هەموویان وازیان لە سەوزەفرۆشی هێنابوو بووبوون بە پۆلیس، یەکێک لە پۆلیسەکان کە کوڕێکی گەنجی مناڵکارە بوو، کاتی خۆی هەمیشە سەوزەی لە خاڵە حەمە دەکڕی ، بۆ شۆخی پێی گوت: خاڵە حەمە دەست بەمە، واز لە سەوزەفرۆشی بێنە و وەرە ببە بە پۆلیس وەک ئێمە ، خاڵە حەمەش بزەیەک گرتی و گوتی: کوڕم گیزت لێ ببڕم ، ئەگەر من لەگەڵ لوسکە و پوسکەی وەک ئێوەدا ببم بە پۆلیس وەک گای نێو گوێلکم لێدێ. هەموویان دایان لە قاقای پێکەنین. دوای ئەوەی لە پۆلیسەکان تێپەڕی، تویڵی تەقا بە تویڵی مامە عەزەدا،  کە ئەویش بۆ ماڵ دەگەڕایەوە، مامە عەزە پێش ئەوەی سڵاو لە خاڵە حەمە بکات لێی پرسی: ئەمە چەنەمین کاروانتە؟ خاڵە حەمەش بزەیەکی بۆ کرد و گوتی: خۆت ماندوو نەبی، دەگەڕێمەوە بۆ سێیەم کاروان، مامە عەزە لێوی خۆی گەست و لە بەر خۆیەوە گوتی: نەمگوت؟ خاڵە حەمە پیاوێکی بە تەمەن و دنیادیتە بوو، لە خورماتوو لە گەڕەکی رزگاری "حەی جەمیلەی" جاران دادەنیشت، هەر ئەو گەڕەکەی کە مامە عەزەشی لێ بوو، خۆی زەویوزاری نەبوو، بە دوو کووت لەلای فەخرەدین موختار قۆخڵ بوو، دوای ئەنفالی چوار، کە ئیتر سەرجەم گوندەکانی گەرمیان خاپوور و وێران ببوون، گوندەکانی چەمی داودەش بەر ئەم شالاوە کەوتن، لەوانەش گوندەکەی خاڵە

حەمە گوندی زندانە ، ئیتر لەو رۆژەوە کە هاتە خورماتوو بە سەوزەفرۆشی ماڵ و منداڵی خۆی بە خێو دەکرد، هاتوچۆی مزگەوت و ئەو شوێنانەی نەدەکرد ، کاری بەسەر کەسەوە نەبوو، راست دەهات و راست دەرۆی، بەڵام مامە عەزە هەر لەخۆیەوە بووبووە رکەبەری و لە ختوو خۆڕایی بوختانی بۆ دەکرد، جارێک دەیگوت کافر و شوعییە و نوێژ ناکات، جارێکی تر دەیگوت سەوزەکەی بە ئاوی زێرابەکان ئاو دەدات بۆیە بێ تام و بێ فەڕە، جارێکی تریش دەیگوت: ماڵەکەی حەرامە لە بێستانەکانی دیکە سەوزە دەدزێ، بەڵام خاڵە حەمە هەر گوێشی پێ نەدەدا و هەمیشە بە دەمییەوە پێ دەکەنی و سەری بۆ دەلەقان، مامە عەزە لە دوای نسکۆکەی هەفتا و پێنجەوە هاتبووە خورماتوو، لەولای ماڵەکەی خۆیانەوە پارچەیەک زەوی ئارئاڕی داگیر کردبوو، کردبوویە دالێ و سەوزە، کە لە بازاڕ هاتەوە ، خۆر و بان کەوتبوو، بێڵەکەی هەڵگرت و چوو ئاوی زێرابی گەڕەکەکەیان کە بەلای زەوییەکەی ئەودا تێ دەپەڕی خستە سەر سەوزەکان و ئاودێری کرد، ویستی کاروانێکی تر بکات، بەڵام چەندی کرد بارێکی تری بۆ ئامادە نەبوو، چونکە زوقووم زۆربەی سەوزەکانی سوتاندبوو، بۆیە لە پاڵ حەسارەکەدا خۆی دا بە بەر هەتاوەکە و دەستی کرد بە جگەرەکێشان، مامە عەزە عادەتی وابوو لە کاتی وادا هەمیشە نوکتەی بۆ خۆی دەگوت، بۆیە ئەو رۆژە ئەم نوکتانەی بۆ خۆی گێڕایەوە و گوتی: کابرایەک هەبوو حەزی لە بۆنی رەیحانە بوو، کە دەچوو بۆ بێستان بۆ بۆنکردنی رەیحانە، لە کرۆکەوە هەڵی دەکێشا، دەیانگوت بۆ وادەکەی ؟ ئەیگوت ئاخر گوناحە بیشکێنیتەوە. رۆژێکیان کابرایەک ختووکەی خۆی دەدا، گوتیان بۆ وادەکەی گوتی: ئەمرۆ خەمم زۆرە دەمەوێت تۆزێک پێ بکەنم. دەگێڕنەوە کابرایەک بڕێک گوێزی کڕی ئینجا هەندێ ئەمدیوو ئەودیوی پێ کردن و گوتی: بەخوا وا بزانم هیچیان کاکڵەیان نییە، ئینجا هەر خۆی گوتی ئەستەغفیرەڵا خوایە غەیبەتی گوێزەکانم کرد. دەگێڕنەوە شەوێکیان ئەبو نەجم دوو تڕ دەداتەوە، دەترسێ ژنەکەی گوێی لێ بووبێت , سبەی لێی دەپرسێ خۆ ئەمشەو گوێت لە هیچ بوو؟ ئەویش دەڵێت: نەوەڵا گوێم لە هیچیان نەبوو، دەڵێت ماڵت بە قوڕ گیرێ چۆن زانیت دوو تڕ بوون؟ جارێکیان پیاوێکی ریش درێژ سواری کەرێک دەبێت و بەدار لێی دەدات، پێی دەڵێن تۆزێ رەحمی پێ بکە وا لێی مەدە، ئەویش دەڵێت ناتوانێ بڕوات بەڕێوە بۆ بووە بە کەر؟ مامە عەزە بەم شێوەیە بەردەوام نوکتەی بۆ خۆی دەگێڕایەوە و پێ دەکەنی تا بێزار نەبێت، ئەگەر نوکتەشی نەگێڕایەتەوە ئەوە یادی رۆژانی هەرزەکاریی خۆی دەکردەوە و بەخیلی بە عەباسی کوڕی دەبرد کە پاسکیلێکی جۆری (de lucx)ی هندی هەبوو هەموو عەسرانێک

له بەرزاییی قەبرسانەکەی لای ماڵە گەرمکییەکانەوە بەرەو گەڕەکی چەورییەکان تێی دەتەقان لەوێشەوە شۆڕ دەبووەوە بۆ گەڕەکی کۆماری. دوای گەڕان بە کۆڵانەکانی کۆماریدا بەرەو گەڕەکی شێخ ئەحمەدی تەیار دەڕۆشت لەوێوە بایدەدایەوە بەرەو لای دایەرەی قایموقامیەت ئینجا لەوێشەوە بە بەردەم دواناوەندی ئیبن خەلدوندا تێ دەپەڕی تا دەگەیشتە لای حومامە کۆنەکە، ئینجا لەوێشەوە بەنێو بازاڕدا دەڕۆشت تا دەگەیشتە لای فلکەی گۆزەکە، ئینجا لەلای گەراجەوە بەرەو گەڕەکی سکە و حەی عەسکەری دەڕۆشت تاوێکی چاک بەو گەڕەکانەدا دەگەڕا پاشان لەلای پردی ئاوەسپییەوە بەرەو رزگاری دەگەڕایەوە دوای ئەوەی بەلای باخەکانی سەر رۆخی ئاوەسپیدا دەهات لەلای ماڵی عومەرە سوورەوە دەگەیشتەوە نێو گەڕەکی رزگاری لە بەردەم ماڵی خۆیاندا رادەوەستا بە ئەسپایی لە پاسکیلەکەی دادەبەزی و خۆی دەکرد بە حەوشەدا، مامە عەزە دەیزانی عەباسی کوڕی دەروێشی گەڕان و خولخواردنەوەیە بە نێو شاری خورماتوودا بۆیە ئەویش بەبێ لێپرسینەوە ماندوبوونێکی گەرمی دەکرد و ئاهێکی بۆ رۆژانی هەرزەکاریی خۆی هەڵدەکێشا، ئینجا بەدەم ئەو ئاهەوە خاکەنازەکەی دەخستە سەر شانی و تا بانگی شێوان خەریکی بێڵتەپکردنی زەوییەکەی دەبوو، ئێوارانیش زوو هەر دوای بانگی شێوان دەخەوت تا بۆ بەیانییەکی تازە و نوێی ژیانی خورماتوو خۆی ئامادە بکات، لەولاشەوە خاڵە حەمە کە زۆر رقی لە دەنگوباسی تەلەویزۆنەکان بوو، هەرگیز تەماشای دەنگوباسی نەدەکرد، دەچووە ژوورەکەی خۆی لەسەر پشت پاڵ دەکەوت و بیری دەکردەوە، ئەو شەوە تا خەوی لێ کەوت بیری لەو برادەرە کردەوە، کە دەمەوچێشتەنگاو کاتێک لە بازاڕ گەڕایەوە خەریک بوو بیکات بە ژێر سەیارەکەیەوە، ئەو برادەرە کە ئێستا کاربەدەستێکی پایەبڵندی حکوومەتی خورماتووە ، ماوەیەکی زۆر کە فیراری جێش بوو لە کاتی شەڕی عێراق ئێراندا، لە گوندەکەی ئەمان دەیان رۆژ لە ماڵی ئەمان نانی خواردووە و خەوتووە، کەچی ئێستا نەک هەر بێزیشی نایەت سڵاوێکی لێ بکات، ئەوەتا خەریکە بە سەیارەکەی دەیشێلێ، ئەمیش وەک مامە عەزە ئاهێکی ساردی هەڵکێشا، بەڵام ئەمیان بۆ شتێکی تر، شتێک کە نازانێ خۆی یان خوا یان زەمانە لێی بەرپرسیارە؟!.